Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دەرهاویشتە ژینگەییەکانی چالاکی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان

**شکور سلام سلیم[1] - لقمان وسو عمر[2]**

[1+2]بەشی جوگرافیا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە. هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە: دەستنیشانکردنی کێشە ژینگەییەکانی قەزای دوکانە، لە دەرئەنجامی چالاکی گەشتوگوزار پەیدابون، دەستنیشانکردنی جۆر و قەبارەی تێکچونی ژینگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەهۆی ئەم چالاکیانە، لەم سۆنگەیەوە چارەسەری گونجاو بۆ کێشە ژینگەییەکانی دەرئەنجامی چالاکی گەشتوگوزار لە قەزاکە خراوەتەڕو. دەرکەوتوە ئەم چالاکیانە بە یەکێک لە سەرچاوەکانی کێشە ژینگەییەکان و پیسبونی ناوچەی لێکۆڵینەوە دادەنرێت، ئەمەش بەهۆی چڕبونەوەی چالاکیە گەشتوگوزارییەکان، لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراوی قەزاکە، بەشێکی زۆری ناوچە گەشتوگوزارییەکان بە دەست پیسبونی ژینگەیی دەناڵێنن لە ئەنجامی بەجێهێشتنی پاشماوەی ڕەقی، خۆراک، شلی هتد...لە ناوچە گەشتیارییەکانی قەزاکە، بەهۆی بونی پاشماوەی گەشتیاران، لەسەر شەقامەکان و دیمەنی کۆن و جۆراوجۆری تابلۆکان و جیاوازی لە پێکهاتەی دروستکردنی شورای پرۆژەکان دیمەنێکی ناشیرن و نەگونجاویان بەخشیوە بەناوچە گەشتوگوزارییەکانی قەزاکە، سەرەڕای کێشەی پیسبون بە ژاوەژاو، بەهۆی خراپی سیستەمی هاتوچۆ و تەنگەبەری شەقامەکان، ئەمە سەرەڕای چەند کێشەیەکی تری ژینگەیی کە بە هۆی پرۆژە گەشتوگوزارییەکانەوە دروستبون، وەک کێشەی کەمبونەوەی زەوی کشتوکاڵی کە لەماوەی تەنها (10ساڵ)دا نزیکەی (٦٢٥٣ دۆنم) زەوی کشتوکاڵی کوژێنراوەتەوە و گۆڕدراوە و پرۆژەی گەشتیاری لەسەر دروستکراوە.

**کلیلە وشە:** کێشە ژینگەییەکان، گەشتوگوزار، پیسبون، قەزای دوکان.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

**Received:** 06- September -2021

**Accepted:** 20-October-2021

**Published:** 29-June-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

shkur.selam@koyauniversity.org

luqman.omer@koyauniversity.org

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

چالاکی گەشتوگوزار بوە بەیەکێک لە دیارترین چالاکییە ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابوری، ژینگەییە گرنگەکان، هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی داهات لەسەر ئاستی تاک و نەتەوەیی، ئەمەش هۆکارە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و زیادبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان و ڕۆشنبیرییەکان و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی تر. گەشتوگوزار و ژینگە لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و بەهێزدان لەگەڵ یەکتر، چونکە ژینگە سەرچاوەیەکی گرنگی گەشتوگوزارە، هۆکاری دروستبون و گەشەسەندنی چالاکی گەشتوگوزارە لەلایەک، هەروەها چالاکییە گەشتوگوزارییەکان کاریگەری و دەرئەنجامی جۆراوجۆریان هەیە لەسەر ژینگە لەلایەکی ترەوە، وەک کاریگەری و دەرئەنجامی نەرێنی و هۆکارێکی دروستبونی کێشە ژینگەییەکانن.

**هۆکارەکانی هەڵبژاردن:** هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی ژینگە و پاکڕاگرتنی پرسێکی جیهانییە و لەسەر هەمو تاکێک پێویستە بەشداری لە پاکڕاگرتن و پاراستنی ژینگە بکات. لە سەردەمی ئەمڕۆدا گەشتوگوزار بۆتە جێی بایەخی وڵاتان، کە وڵاتان وەک کەرتێکی گرنگی ئابوری مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە زیادکردنی داهاتی گشتی و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ تاکەکانی وڵات بەتایبەت لەناو گەنجان، کە زۆرێک لە وڵاتانی تازە پێشکەوتو گیرۆدەی کێشەی بێکاری بون.

**گرفتی توێژینەوەکە:** قەزای دوکان یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی گەشتوگوزار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەمەش وای کردوە کە گەشتوگوزار چەندین دەرهاویشتەی ژینگەیی هەبێت لەقەزاکە، کە باسکردن و دیاریکردنی هۆکارەکانی و چارەسەرکردنیان بایەخی خۆی هەیە، ژینگە و کێشە ژینگەییەکان، ئەمڕۆ بۆتە بابەتێکی گرنگی ناوەندە ئەکادیمییەکان، هەروەها مەترسی زۆر پەیدابوە لەسەر ژینگە، کە بەشێک لە چالاکییە گەشتوگوزارییەکان بەشداری دەکەن لە دروستبونیان، و دەرکەوتنی چەند کێشەیەکی ژینگەیی لە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی قەزاکە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** دەستنیشانکردنی کێشە ژینگەییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کە لە دەرئەنجامی چالاکی گەشتوگوزار پەیدابون، دەستنیشانکردنی جۆر و قەبارەی تێکچونی ژینگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە، دەستیشانکردنی چارەسەرییەکانی کێشە ژینگەییەکانی قەزاکە، کە لە ئەنجامی چالاکی گەشتوگوزار پەیدابون.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

١. ئایا کەمی هۆشیاری ژینگەیی و بایەخنەدان بە پاراستنی ژینگە لەلایەن گەشتیارانەوە کاریگەری هەیە لەسەر پیسبونی ژینگە؟

٢. ئایا نەبونی پلانێکی گشتگیری گەشتوگوزاری بۆتە هۆی چڕبونەوەی چالاکی گەشتوگوزار لە چەند شوێنێک و بەگەڕنەخستنی سەرجەم ناوچەکانی قەزاکە بۆ چالاکی گەشتوگوزار؟

٣. ئایا چالاکی گەشتوگوزار بۆتەهۆی کەمبونەوەی زەوی کشتوکاڵی لە قەزاکە؟

٤. ئایا گەشتوگوزار بۆتەهۆی دروستبونی پیسبونی بینین، ژاوەژاو، خاک؟

**میتۆدی توێژینەوەکە:** توێژینەوە زانستییەکان وادەخوازن کە پەیڕەوی میتۆدێک یان چەند میتۆدێکی زانستی ڕون وئاشکرابکەن، بەمەبەستی سود گەیاندنی زیاتر بە توێژینەوەکە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەکە، پەیڕەوی میتۆدی هەرێمی، ئوسوڵی، شیکاری کراوە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ چوار تەوەر بەم شێوەیەی خوارەوە: تەوەری یەکەم تایبەتکراوە بەناساندنی شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە و زاراوە تایبەتەکانی بابەتی لێکۆڵینەوەکە، تەوەری دوەم تایبەتکراوە بە بزاڤی گەشتیاری لە قەزای دوکان، تەوەری سێیەم تایبەت کراوە بە کێشە ژینگەییەکانی دەرئەنجامی چالاکی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان، تەوەری چوارەمی توێژینەوەکە تایبەت کراوە بە میکانیزمەکانی ڕێگریکردن لە دەرئەنجامە خراپەکانی چالاکی گەشتوگوزار.

## تەوەری یەکەم ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە زاراوە تایبەتەکانی بابەتی لێکۆڵینەوە:-

## شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی :-

شوێنی جوگرافی بەیەکێک لە توانستە جوگرافییە سروشتییەکانی گەشتوگوزارییەکان دادەنرێت. گرنگی شوێنی جوگرافی لەوەدا دەردەکەوێت، کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی چوارچێوەیەکی جوگرافی بۆ ناوچەکە لەلایەک، و لەلایەکی تر ماوەی نێوان شوێنی دەرچونی گەشتیار و شوێنی پێشوازیکردن و کاتی پێویست بۆ بڕینی گەشتەکە دیاری دەکات(نقشبندي،٢٠٠٤:٨٥).

قەزای دوکان دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق. یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستان، نەخشە١، دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای شاری سلێمانی بەدوری ٦٠کم. کە شاری سلێمانی یەکێکە لە شارە پڕ دانیشتوانەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەنزیکترین نشینگە ئاوەدانییە قەرەباڵغەکان دادەنرێت، کە کاریگەری هەیە لەسەر بزاڤی گەشتوگوزاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

قەزای دوکان کەوتۆتە نێوان هەریەک لە قەزای ڕانیە لە باکور، قەزای قەڵادزە لە باکور و باکوری خۆرهەڵات، قەزاکانی ماوەت و شارباژێر لە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵات، قەزای ناوەند لە باشور، قەزای چەمچەماڵ لە ڕۆژئاوا، کە سەر بە پارێزگای کەرکوکە، هەروەها قەزای کۆیە لە باکوری ڕۆژئاوا، نەخشەی(٢)، ئەم قەزایانە ناوچەی گەشتوگوزاری باشیان تێدایە، ئەمەش وادەکات جگە لەوەی گەشتیاران ڕو لە قەزاکە دەکەن بۆ چالاکی گەشتیاری، تارادەیەک ناوەندی گرتوە لە نێوانیاندا، بۆیە گەشتیاران بە ناوچەکەدا تێدەپەڕن بۆ سەردانی ئەو ناوچانە، لەڕوی گەشتوگوزارەوە، هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی قەزای دوکان وایکردوە کە لە هەر سێ پارێزگاکانی (کەرکوک، هەولێر، سلێمانی) گەشتیاران بە ئاسانی دەستیان پێی ڕابگات.

لەڕوی ئەسترۆنۆمیەوە قەزای دوکان دەکەوێتە بازنەکانی پانی (٣٥°٣٥¯٣٤=) و (١٢°٣٦¯٥١=)ی باکور و هەردو هێڵی درێژی (٤٢°٤٤¯١٨=) و (٢٠°٤٥¯٢٥=)ی ڕۆژهەڵات.

نەخشەی ژمارە (١) شوێنی قەزای دوکان بەپێی هەرێمی کوردستان.







**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11**

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: هێرۆ نصرالدين محمدامين وهێمن نصرالدين محمد امين، شیکردنەوەیەکی ئاووهەوایی بۆ ڕودانی دیاردەی لافاو لەشاری کەلار و ناحیەی ڕزگاری، Special the٥Conference for the language and Human science,Issue;٢٠١٩ ، زانکۆی گەرمیان، بەکارهێنانی بەرنامەی GIS,Arcmap10.4،٢٠١٩، بڵاونەکراوە.

نەخشەی ژمارە (٢) شوێنی قەزای دوکان بەپێی پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی، بەکارهێنانی بەرنامەی GIS,Arcmap10.4.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

**گەشتوگوزار:-**

گەشتوگوزار بریتییە لە پیشەسازیەک چەندین پەیوەندی ئاڵۆز و چالاکی مرۆیی و سروشتی پێکەوەگرێدراوە، مەبەستی سەرەکی تێرکردنی حەز و ئارەزوبەخشینی خۆشگوزەرانی و ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤە لە ئەنجامی گەشتکردن بە مەبەستی گەشتوگوزار(رشید،٢٠١١:١١).

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی W.T.O دەربارەی گەشتوگوزار دەڵێ: (چالاکییەکی مرۆیی و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە دروست دەبێت، بەهۆی گواستنەوەی شوێنی هەمیشەیی تاکەکان بۆ ناوچەیەکی دەرەوەی کۆمەڵگاکانیان بۆماوەیەکی کاتی کەمتر نەبێت لە (٢٤) کاتژمێر زیاتریش نەبێت لە ساڵێک بۆ مەبەستەکانی گەشتوگوزار ئەنجام درابێت و جگە لە خوێندن و کارکردن)(حجاب،٢٠٠٣:٢٢).

**ژینگە:**

ژینگە بەشێوەیەکی گشتی ئەو ناوەندە ژیارییەیە و مرۆڤ کاریگەری لەسەری هەیە و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، ئەو ناوەند لەوانەیە فراوان بێت و ناوچەیەکی زۆر گەورە لەخۆبگرێت و یاخود ناوچەکە بچوک بێتەوە، و ناوچەیەکی زۆر بچوک لەخۆبگرێت و لەو خانوەی تێیدا دەژێت تێپەڕنەکات(غرايبة،٢٠١٢:١٧).

**پیسبونی ژینگە**: پیسبونی ژینگە ئەو گۆڕانکارییە چەندایەتی و چۆنایەتیەیە کە لە پێکهاتەکانی سیستەمی ژینگەدا، یان لە تایبەتمەندییە کیمیایی یان فیزیای یان بایۆلۆجییەکان و ڕەهەندەکانی ژینگە ڕوودەدات، هەروەها تێکەڵبونی مادده و میکرۆبەکان بە سیستەمی ژینگە، دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر مرۆڤ و سەرچاوەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت"(الجوهري،٢٠١٩:١١٥).

**گەشتوگوزاری ژینگەیی:**

"گەشتوگوزارێکی سەوز و خاوێنە، بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ژینگە و سروشت داڕێژراوە، بەسودە بۆ چالاکی گەشتیاری بەبێ ئەوەی زیانبەخش بێت، یان تێکدەر و ئاسەواری خراپی هەبێت لەسەر ئاستی ئیکۆلۆجی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیدا"(غضبان،٢٠١٥.٦٨).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

## تەوەری دووەم:

### بزاڤی گەشتیارانی قەزای دوکان:-

قەزای دوکان شوێنێکی گرنگی هەیە لەسەر نەخشەی گەشتوگوزاری لەسەر ئاستی عێراق، بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەکە بە بنەما گەشتوگوزارییەکان، بەتایبەتی بونی دەریاچەی دوکان یەکێکە لەهۆکارەکانی ڕاکێشانی گەشتیاران، سەرەڕای بونی چەندین زنجیرە چیا، کە دیمەنێکی دڵڕفێن و سەرنجڕاکێشی بە ناوچەکە بەخشیوە، ئەمانە و چەندین هۆکاری تر وای کردوە گەشتیاران ڕوی تێبکەن. گەشتیارانی قەزای دوکان بریتین لە گەشتیارانی ناوخۆی هەرێمی

کوردستان بە پلەی یەکەم و دواتر گەشتیارانی پارێزگاکانی تری عێراق، هەرچی گەشتیارانی بیانییە، بەڕێژەیەکی زۆر کەم ڕو دەکەنە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی قەزای دوکان، خشتەی١. بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار ژمارەی گەشتیارانی هاتو بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان ساڵانی (٢٠١١تا٢٠٢٠)، ڕو لە بەرزبونەوە بوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

خشتەی ژمارە (١) ژمارەی گەشتیارانی قەزای دوکان لە ساڵانی (٢٠١١ تا ٢٠٢٠).

| زنجیره | ساڵ | کۆی گەشتیاران | گەشتیارانی ناوخۆی هەرێم | ڕێژەی % | گەشتیارانی باشورو ناوەڕاست | ڕێژەی % | گەشتیارانی بیانی | ڕێژەی% |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١١ | ١٩٢٩٩ | ١١٤٢٨ | %59.21 | ٧٦٣٢ | ٪٣٩.٥٤ | ٢٣٩ | ٪١.٢٣ |
| ٢ | ٢٠١٢ | ٢٠٦٠٥ | ١١٨٠٠ | ٪٥٧.٢٦ | ٨٢٨٤ | ٪٤٠.٠٢ | ٥٢١ | ٪٢.٥٢ |
| ٣ | ٢٠١٣ | ٢٣١١٢ | ١٣٥٦٦ | ٪٥٨.٦٩ | ٨٩٦٨ | ٪٣٨.٨٠ | ٥٧٨ | ٪٢.٥٠ |
| ٤ | ٢٠١٤ | ٢٥٤٦١ | 12855 | ٪٥٠.٤٨ | 12417 | ٪٤٨.٧٦ | ١٨٩ | ٪٠.٧٤ |
| ٥ | ٢٠١٥ | ٢٩١٤0 | ١٩٢١٢ | ٪٦٥.٩٢ | ٩٧٩٤ | ٪٣٣.٦١ | ١٣٤ | ٪٠.٤٥ |
| ٦ | ٢٠١٦ | ٣٠٨١٦ | ١٦٠٠٧ | ٪٥١.٩٤ | ١٤٤٨٨ | ٪٤٧.٠١ | ٣٢١ | ٪١.٠٤ |
| ٧ | ٢٠١٧ | ٣٣٩٣٦ | ١٧٥٢٠ | ٪٥١.٦٢ | ١٦٣١٠ | ٪٤٨.٠٦ | ١٠٦ | ٪٠.٣١ |
| ٨ | ٢٠١٨ | ٣٨٢٣٦ | ٢٠٠٠٥ | ٪٥٢.٣١ | ١٨١١٦ | ٪٤٧.٣٧ | ١١٥ | ٪٠.٣٠ |
| ٩ | ٢٠١٩ | ٢١٣٧٤ | ١١٨٩٨ | ٪٥٥.٦٦ | ٩٣٥٨ | ٪٤٣.٧٨ | ١١٨ | ٪٠.٥٥ |
| ١٠ | ٢٠٢٠ | 29399 | ١٥٠١٠ | ٪٥١.٠٥ | ١٤٣٢٤ | ٪٤٨.٧٢ | ٦٥ | ٪٠.٢٢ |
| ١١ | کۆی گشتی | 271378 | 149301 | ٪٥٥.٠١ | 119691 | ٪٤٤.١٠ | 2386 | ٪٠.٨٧ |

سەرچاوە: توێژەر پشتبەستن بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری دوکان،٢٠٢٠، داتای بڵاونەکراوە. بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (١)، تێبینی ئەوە دەکرێت کە:

١. ژمارەی گەشتیارانی هاتو بۆ قەزای دوکان (٢٧١٣٧٨) گەشتیار بوە، کە بە پلەی یەکەم دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بون (ناوخۆی هەرێمی کوردستان) و ژمارەیان گەیشتۆتە (١٤٩٣٠١) گەشتیار، ڕێژەی (٥٠.٠١٪)ی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

كۆی گشتی گەشتیارانیان پێكهێناوە، بە پلەی دوەم گەشتیاری پارێزگاكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بون، دانیشتوانی شارەكانی ناوەڕاست و باشوری عێراق بون، كە ژمارەیان گەیشتۆتە (١١٩٦٩١) گەشتیار، ڕێژەی (٤٤.١٠٪)ی كۆی گشتی گەشتیارانیان پێكهێناوە، هەرچی تایبەتە بەژمارەی گەشتیارانی بیانی، ژمارەیان گەیشتۆتە (٢٣٨٦) گەشتیار، ڕێژەی (٠.٧٨٪)ی كۆی گشتی گەشتیارانیان پێكهێناوە، كە پلەی سێیەم وەردەگرن.

٢. بەرزترین ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی (٢٠١٨) بوە، كە ژمارەی گەشتیارانی هاتو بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەكانی قەزاكە گەیشتۆتە (٣٨٢٣٦) گەشتیار، كە ڕێژەی (١٤٪) كۆی گشتی گەشتیارانی هاتو بۆ قەزاكە پێكدێنێ لە ماوەی ساڵانی (٢٠١١تا٢٠٢٠)، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باشبونی باری دارایی بەتایبەتی دانیشتوانی باشور و ناوەڕاستی عێراق، فەراهەم كردنی ئاسایش بۆ ناوچەكە، هەروەها بونی ژمارەیەكی زۆری ئاوارەی ناوەڕاست و باشوری عێراق لە هەرێمی كوردستان، جگە لەمانەش ناوچەكە ساڵ لە دوای ساڵ پێشكەوتن و گەشەسەندنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت لەڕوی گەشتیاریەوە، ئەمانە هەمویان هۆكاری بەرزبونەوەی ژمارەی گەشتیارانن لە قەزاكە.

٣. زۆربەی گەشتیارانی قەزای دوكان، گەشتیاری ناوخۆین و دانیشتوانی هەرێمی كوردستانن، كە ژمارەیان لە ماوەی ساڵی (٢٠١١تا ٢٠٢٠) دەگاتە (149301) گەشتیار، دواتر گەشتیارانی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم دێت، كە پێكدێت لە دانیشتوانی شارەكانی ناوەڕست و باشوری عێراق، كە ژمارەیان (119691) گەشتیار بوە، بەڵام هەرچی گەشتیارانی بیانییە ژمارەكەیان كەمە، كە (2386) گەشتیارە.

٤. لە ساڵی (٢٠١٨) زۆرترین ژمارەی گەشتیارانی عەرەب ڕویان كردۆتە ناوچە گەشتوگوزارییەكانی قەزای دوكان، ئەمەش بەهۆی بونی ژمارەیەكی زۆری ئاوارەی شارەكانی ناوەڕاستی عێراق، كە بەهۆی شەڕی داعش ڕویان كردبوە هەرێمی كوردستان.

٥. لە ساڵی (٢٠١٣) زۆرترین ژمارەی گەشتیاری بیانی ڕوی لە ناوچە گەشتوگوزارییەكانی قەزای دوكان كردوە، كە ژمارەیان ( ٥٧٨) گەشتیار بوە، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونی ئاسایشی ناوچەكە، كە ساڵانی دواتر عێراق بوە مەیدانی شەڕی داعش و هاوپەیمانان، عێراق وەك ناوچەیەكی جەنگی مەترسیدار ناسێنرا، ئەمەش بوە هۆی كەمبونەوەی گەشتیارانی بیانی لە عێراق و هەرێمی كوردستان بەگشتی و ناوچەی لێكۆڵینەوە بەتایبەتی.

٦. لە ساڵی (٢٠٢٠) كەمترین گەشتیاری بیانی ڕوی كردۆتە ناوچە گەشتوگوزارییەكانی قەزای دوكان.

٧. لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٩ ) و (٢٠٢٠) ژمارەی گەشتیاران ڕوی لەكەمی كردوە بە بەراورد بەساڵانی پێشو، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

أ. بەهۆی زۆربونی ئاوی دەریاچەی دوکان و سەرەو ڕێژبونی لە ساڵی (٢٠١٩)، بەشی زۆری شوێنە گەشتوگوزارییەکانی ناوشاری دوکان ژێرئاوکەوتن (سەرجەم پڕۆژەکانی سارتکە ژێرئاوکەوتن و ڕێگاکە داخرا) گیانی گەشتیاران کەوتە مەترسیەوە، چالاکی گەشتوگوزاری بە تەواوی پەکیکەوت تاماوەیەکی زۆر پڕۆژەکان نەیانتوانی گەشتیاران بگرنەخۆیان.

**ب.** بەهۆی بڵاوبونەوەی پەتای کۆڕۆنا و گرتنەبەری ڕێکارەکانی خۆپارێزی (کەرەنتینی گشتی) ڕاگەیەندرا، بۆماوەیەک هەمو چالاکییە مرۆییەکان ڕاگیران، چالاکی گەشتوگوزاریش لەو چوارچێوەیە لە کارکەوت، نزمبۆوە بۆ نزمترین ئاست کە ئاستی هیچ (صفر)ە، دواتریش بە هیواشی چالاکیەکانی دەستی پێکردەوە.

## تەوەری سێیەم:

### کێشە ژینگەییەکانی دەرئەنجامی چالاکی گەشتوگوزاری لە قەزای دوکان

چالاکی گەشتوگوزار، وەک هەر چالاکییەکی تری مرۆیی چەند کێشەیەکی ژینگەیی بەدوای خۆیدا دێنێت، ئەم کێشانە دەرئەنجامی گەشتکردنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکانی قەزاکە، کە لەسەروی توانا گەشتیارییەکانیەتی، هەروەها ئەنجامدانی چەندین چالاکی لە ماوەی گەشتەکەیاندا دروستدەبن، کە دەبنەهۆی زیانگەیاندن بە ژینگەی قەزاکە. بەدڵنیاییەوە هۆکاری ئەو کێشە ژینگەییانەی کە دروست دەبێت تەنها چالاکییەکانی گەشتوگوزار نین، بەڵکو چالاکی گەشتوگوزار بە یەکێک لە فاکتەرەکانی دروستبونی ئەم کێشە ژینگەییانە دادەنرێت، هۆکاری سەرەکی دروستبونی ئەم کێشانە دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرەکانی تری وەک: پیشەسازی، هۆیەکانی گواستنەوە، چالاکی کشتوکاڵ...هتد، کە بابەتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە نین، بۆیە لێرەدا جەخت لەسەر کێشە ژینگەییەکانی دەرئەنجامی چالاکی گەشتوگوزار دەکەینەوە.

### یەکەم: کێشەی پیسبونی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی قەزای دوکان بە پاشماوە ڕقەکان:-

پاشماوە ڕەقەکان لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان بریتیەلە: هەمو ئەو پاشماوە ڕەقانەی کە لە ئەنجامی چالاکیە گەشتوگوزارییەکان لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان (سەیرانگا، هەوارگە و کۆمەڵگا، گوندەگەشتیارییەکان، هاوینەهەوارەکان، کەپر، هوتێل، موتێل...هتد) کە لەلایەن گەشتیارانەوە ئەنجام دەدرێت و دروست دەبێت وەک: نایلۆن، شوشە، کاغەز، پاشماوەی خۆراکی، قوماش ...هتد. بەجێدەهێڵرێت، خشتەی ژمارە٢.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

خشتەی ژمارە(٢) بڕی پاشماوە ڕەقەكانی ناوچە گەشتوگوزارییەكانی دوكان لە ماوەی هەفتەیەكدا.

| زنجیرە | جۆری پاشماوە | بە تەن | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| ١ | شوشە قوتو | ٢١.٧ | ٪٣٥ |
| ٢ | نایلۆن | ١٤.٨ | ٪٢٤ |
| ٣ | پلاستیك | ١٣ | ٪٢١ |
| ٤ | خۆراك | ٧.٦ | ٪١٢.٣ |
| ٥ | كاغەز و كلێنس | ١.٨ | ٪٣ |
| ٦ | قوماش | ١.٥ | ٪٢.٥ |
| ٧ | هیتر | ١.٣ | ٪٢.٢ |
| **كۆی گشتی** | | ٦١.٧ | ٪١٠٠ |

ئامادەكردنی: توێژەر پشت بەستن بە حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، شارەوانی دوكان،٢٠٢١، داتای بڵاونەكراوە.

لە زانیارییەكانی خشتەی ژمارە (٢) دەردەكەوێت كە:—

١. كۆی گشتی پاشماوە ڕەقەكانی شاری دوكان لە ماوەی یەك هەفتەدا (١٢٩) تەن بوە، لەو برە (٦٧) تەنی پاشماوەی گەڕەكەكان و ناومالانی شاری دوكانە كە نزیكەی (٥٢٪) هەمو پاشماوە رەقەكان پێكدێنێت، هەرچی تایبەتە بە پاشماوەی ناوچە گەشتوگوزارییەكان (٦٢) تەن بوە، نزیكەی (٤٨٪)ی تێكڕای پاشماوە ڕەقەكان پێكدێنێت، وێنەی١.

٢. بڕی پاشماوە شوشەییەكان و قوتوی خواردنەوە گازییەكان بۆ ماوە یەك هەفتە نزیكەی (٢١.٧) تەن بوە، كە بە بەرزترین ڕێژە بەشداری دەكات لە پیسكردنی ژینگەی شاری دوكان، كە ڕێژە (٣٥٪)ی پاشماوە ڕەقەكان پێك دێنێت.[١]

٣. پاشماوەی نایلۆن بە پلەی دوەم دێت، كە بڕەكەی (١٤.٨) تەنە، بۆ ماوەی یەك هەفتەدا، ڕێژەی (٢١٪) كۆی پاشماوە ڕەقەكانی ناوچە گەشتوگوزارییەكانی پێكهێناوە.

٤. پاشماوە پلاستیكیەكان لە پلەی سێیەم دێ، برەكەی نزیكەی (١٣) تەنە، ڕێژەی(٢١٪) كۆی پاشماوە ڕەقەكانی ناوچە گەشتوگوزارییەكانی دوكانی پێكهێناوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

٥. پاشماوە خۆراکییەکانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی دوکان زیاتر لە (٧.٥) تەن دەبێت، کە ڕێژەی (١٢.٣٪)ی کۆی پاشماوە ڕەقەکانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی دوکانی پێکهێناوە.

٦. بڕی پاشماوەی کاغەز و کلێنس لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان (١.٨) تەن بوە، کە ڕێژەکەی کەمبۆتەوە بۆ (٣٪)ی کۆی گشتی پاشاوە ڕەقەکانی پێکهێناوە.

٧. پاشماوەی قوماش (پەڕۆک) بەڕێژەیەکی کەمتر بەشداری دەکات لە پیسکردنی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکە، کە بڕەکەی دەگاتە(١.٥) تەن، ڕێژەی (٢.٥٪)ی تێکڕای پاشماوە ڕەقەکانی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی ناوچەکەی پێکهێناوە.

٨. جۆرەکانی تری پاشماوە ڕەقەکان کە کەمترین بەشداریان هەیە لە پیسکردنی ژینگەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان، بڕەکەی (١.٣) تەنە، ڕێژەی (٢.٢٪)ی تێکڕای گشتی پاشماوە ڕەقەکانی پێکهێناوە.

ئەم پاشماوانە لە ڕۆژانی هەینی وبۆنەکانی وەک نەورۆز و جەژنەکان ڕێژەکەیان بەرزدەبێتەوە بۆ نمونە:

أ. لە ڕۆژی شەممە دوجار ناوچە گەشتوگوزارییەکان پاکدەکرێنەوە (ئێوارە و بەیانی) پاشماوەکان تەنها لەم دو ڕۆژە نزیکەی (١٨) تەن دەبێت، بەڵام لە ڕۆژانی تر یەکجار پاکدەکرێتەوە.

ب. بەهۆی زۆری ژمارەی گەشتیارانەوە لە ڕۆژانی نەورۆز و جەژن و بۆنەکان ڕێژەکە زۆر بەرزدەبێتەوە بۆ نمونە لە ماوەی (٣ڕۆژ) لە نەورۆزدا زیاتر لە (١٣٦٠عەلاگە)، کە زیاتر لە(٨.٥)تەن دەبێت، هەروەها لە ماوەی (٣ڕۆژ)ی جەژنی ڕەمەزاندا زیاتر لە(٢٠٤٠ عەلاگە) پاشماوەی ڕەق کۆکراوەتەوە لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان، کە زیاتر لە (١٣) تەن دەکات، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە هەر عەلاگەیەک(کیسێک) بڕی (٦.٥کگم) پاشماوە لەخۆی دەگرێت.

ت. پاشماوە خۆراکییەکانی چێشتخانەکان لە هەفتەیەکدا (٣.٥تەن) دەبێت، ئەمە لە کاتێکدایە خاوەن چێشتخانەکان پاشماوە خۆراکیەکان (خۆراک) جیادەکەنەوە دەیدەنە بە خاوەن ئاژەڵ و باڵندەکان، ئەوەی دەمێنێتەوە پاشماوەی ڕەقە وەک: سفرەی سەفەری، پەرداخی سەفەری، قاپ و کەوچکی سەفەری و.....هتد،(عزیز:٢٠٢١\٧\٢٠).


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

وێنەی ژمارە١ پیسبون بە پاشماوە ڕەقەکان لەناوچە گەشتوگوزارییەکانی دوکان



وێنەگیراوە لە لایەن توێژەرەوە.

## دوەم: کێشەی ئاگرکەوتنەوە:-

یەکێک لە کێشەکانی ڕوبەڕوی ژینگەی سروشتی دەبێتەوە، لە دەرئەنجامی چالاکی گەشتوگوزار، ڕوداوی ئاگرکەوتنەوەیە، ئەمەش بەهۆی کەمی هوشیاری گەشتیاران و کەمتەرخەمیان لە دوای گەشتەکانیان بۆ ناوچە گەشتوگوزارییە سروشتیەکان و دارستانەکان زۆرجار ڕوداوی ئاگرکەوتنەوەی لێدەکەوێتەوە، کە دەبێتەهۆی سوتانی ڕوەکی سروشتی و پوش و پاوان و لەناوچونی چەندین جۆری باڵندە و گیانەوەری کێوی، کە زیانی ژینگەیی لێدەکەوێتەوە، ئەم دیاردەیە دوبارەبونەوەی هەیە، لە ناوچە گەشتیارییەکانی قەزای دوکان ساڵانە چەندین ڕوداوی ئاگرکەوتنەوە بەهۆی چالاکیە گەشتیاریەکانەوە دەکەوێتەوە، بەنمونە لە ساڵی (٢٠١٩) لە قەزای دوکان (١٢) ڕوداوی ئاگرکەوتنەوە لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان کەوتۆتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تیمەکانی بەرگری شارستانی لە ڕۆژانی گەشتوگوزار بەردەوام ئێشکگری و خولاویان (دورية) لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان هەبوە، بۆیە توانراوە بەخێرایی کۆنترۆڵی ئاگرەکە بکەن، هەر بۆیە لە ماوەی یەک ساڵدا ڕوبەری سوتان لە (٣دۆنم) کەمتر بوە (ئاگرکوژێنەوەی دوکان).

هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنانەوە دەگەڕێتەوە بۆ:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

أ. کەمتەرخەمی گەشتیاران، بەهۆی جێهێشتنی پاشماوەی ئاگر دوای ئاگرکردنەوە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر، کە لەناو دارستانەکان ئاگرەکان دروستبون.

ب. جێهێشتنی پاشماوەی ئاگری نێرگیلە کێشان و جگەرەی تەواونەکوژاوە لەلایەن گەشتیارانەوە لە شوێنە گەشتوگوزارییەکان.

ت. جێهێشتنی چەرخی گازی (غاز) لە ناو پوش و پەڵاش دارستانەکان بەهۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرما دەتەقێت ئاگر دروست دەبێت.

ت. هەڵوەرینی گەڵای دارەکان و دەردانی هەندێ مادەی تایبەت بەخێرا گڕگرتن، بە تایبەت لە دارسنەوبەرەکان کە لە جۆرە مادەیەکی سپی دەردەدات ئەمە زۆر بەخێرایی ئاگردەگرێت و هۆکارێکە بۆ تەشەنەسەندنی ئاگرەکە.

## سێیەم: کێشەی پیسبون بەژاوەژاو:-

پیسبون بە دەنگ: (Noise Pollution) بریتییە لە دەنگێکی نەویستراو یان ناسراوە بەپیسبونی بیستن لە دەرەنجامی بەرزی پەستانی دەنگەکانەوە دروست دەبێت کاتێک کە دەنگ ئاستی ڕێپێدراو تێدەپەڕێنێت(جمعة،٢٠١٠:١٢٢).

سەرچاوەکانی ژاوەژاو هۆکاری سروشتی و مرۆیین، چالاکیە مرۆییەکانی وەک پیشەسازی و هۆیەکانی گواستنەوە و ئامێرەکانی مۆسیقا و .....هتد سەرچاوەی پەیدابونی ژاوەژاون، لێرەدا ئاماژە بەو هۆکارانە دەکەین، کە پەیوەستن بە چالاکی گەشتوگوزارەوە.

کێشەی ژاوەژاو لە شاری دوکانی گەشتیاری و سەرجەم ناوچە گەشتوگوزارییەکانی تر، بەڕونی هەستی پێدەکرێت سەرچاوەکانی ژاوەژاو لە گەشتگاکانی دوکان جۆراوجۆرن، خشتەی٣:-

خشتەی (٣) سەرچاوەکانی ژاوەژاوە لە گەشتگاکانی دوکان

| زنجیرە | سەرچاوەی ژاوەژاو | ئاستی دەنگ بە دیسەبڵ |
|---|---|---|
| ١ | بەلەمەکانی گەڕان بە ناو ئاودا | ٩٦ |
| ٢ | ئۆتۆمبیلی تایبەت | ٥٥ |
| ٣ | ئۆتۆمبیلی کۆمپانیا گەشتیارییەکان | ٧٤ |
| ٤ | ماتۆڕسکیل | ١١٠ |
| ٥ | D J و ئامێرەکانی مۆسیقا | ١٠٥ |

سەرچاوە کاری توێژەر پشتبەستن بە ئامێری پێوانەکردنی ئاستی ژاوەژاو\دیسەبڵ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

بە تێڕوانین لە خشتەی ژمارە (٣) دەتوانین ئاماژەبکەین بەم خاڵانەی خوارەوە:-

١. ژمارەی بەلەمەكانی تایبەت بە گەڕانی گەشتیاران لەزێی بچوک (٢٣) بەلەمن لە شاری دوکان، لە ڕوبەرێكی بچوک ڕۆژانە بەردەوام كاردەكەن و دەنگێكی زۆر دەخەنە ژینگەوە، ئاستی ئەو ژاوەژاوەی هەر بەلەمیكی لە ناوچەی لێكۆڵینەوە دەیخاتە ژینگەوە یەكسانە (٩٦) دیسەبڵ ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبونی ژاوەژاو و بێزاربونی دانیشتوانی نزیک بەزێی بچوک و گەشتیارانی گەشتگاكان.

٢. لە نزیک كەپر و كابینەكان بەردەوام هەست بە ژاوەژاو دەكرێت، بەهۆی دەنگی مۆسیقا و ئامێرەكانی (دەنگگەورەكەر)، بڵندگۆ،(**D.J**)، لە گەشتگاكانی شاری دوكان بەرزی دەنگی (**D.J**) و ئامێرەكانی مۆسیقا دەگاتە (١٠٥) دیسەبڵە لە دوری (١٠م)، ئەم ئاستەش دەتوانرێت بەپیسبون بە ژاوەژاو ئەژماربكرێت.

٣. بونی ژمارەیەكی زۆری ئۆتۆمبێل (تایبەت، گشتی، ماتۆڕسكیل) لە نزیک كەپر و خانوە گەشتیارییەكانی شاری دوكان تەنها (١٠تا١٥م) لە ڕێگاكانەوە دورن و كە سەرچاوەی دروستبونی ژاوەژاون، هەروەها بونی ژمارەیەكی زۆری گەشتیاران لەڕوبەرێكی دیاریكراو، لەلایەكی تر زۆربەی گەشتیاران بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان، گەشت دەكەن بۆ گەشتگاكان و ژمارەیەكی زۆری ئۆتۆمبێل دێنە شارەكەوە، شەقامەكانیش بچوكن، جەنجاڵی و ژاوەژاو دروست دەبێت، ئەو ژاوەژاوەی بەهۆی ئۆتۆمبێلی تایبەتەوە پەیدادەبێت لە خێرایی (٥٠\كم) دەگاتە ئاستی (٥٥) دیسەبڵ، ئەم ئاستەش لەگەڵ جۆری ئۆتۆمبێلەكان و خێراییان گۆڕانكاری بەسەر دادێت، بەڵام ماتۆڕسكیلەكان، كە لە گەشتگاكان سەرچاوەیەكی بێزاركەر و سەرەكین بۆ دروستبونی ژاوەژاو لە گەشتگاكان ئاستی ژاوەژاوەكەیان دەگاتە (١١٠) دیسەبڵ، ماتۆڕسكیلیش بەپێی جۆرو خێراییان ئەو ژاوەژاوەی دەیخەنە ژینگەوە گۆڕانكاری بەسەردێت.

٤. كۆمپانیا گەشتوگوزارییەكان بە ئۆتۆمبێلی گەورە گەشتیاران لە ناوەڕاست و باشورەوە دەگوازنەوە بۆ گەشتگاكان دەنگی بزوێنەر و ورياكەرەوەكانیان بەرزە و هەست بەبێزاری دەكرێت لە كاتی بیستنی دەنگیان، كە ئاستەكەی دەگاتە (٧٤) دیسەبڵ.

٥. بەشێوەیەكی گشتی ئاستی ژاوەژاو لە ڕۆژانی ئاسایی لە گەشتگاكانی شاری دوكان (**55**) دیسەبڵە لە كاتی، بەڵام لە ڕۆژانی هەینی لە هەمان كات و شوێن بەرز دەبێتەوە بۆ (**76**) دیسەبڵ، ئەم ئاستەی ژاوەژاو لە گەشتگاكانی دوكان لە ڕۆژانی چالاكی گەشتوگوزار (هەینی و بۆنەكانی تر) بەرزە بەپێی ستانداردە جیهانییەكان، كاریگەری دەبێت لەسەر تەندروستی مرۆڤ و زیان دەگەیەنێت بە كۆئەندامی بیستنی مرۆڤ (نەقشبەندی،٢٠١٧:٣٢٧).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

**چوارەم: کێشەی پیسبونی بینین(التلوث البصري):-**

پیسبونی بینین بریتییە لە: هەستنەکردن بە جوانی ژینگەی چواردەوری مرۆڤ، بەهۆی گۆڕین یان دەستکاریکردنی ئەو چوارچێوە مادیەوە، ڕاهاتن لەسەر ئەوەی بەردەوام ناشیرینی بێت و ئاسایی بێت، کە ئەمەش کار لەسەر لاوازکردنی چێژ دەکا، کەوا دەکات مرۆڤ چێژ لە جوانی نەبێنێت بەهۆی بینینی بەردەوامی ناشیرینیەوە (محەمەد،٢٠٠٨: ٣٤-٣٥). لە ناوچەی لێکۆڵینەوە گرنگی بەم لایەنە نەدراوە، پیسبونی بینین لە قەزای دوکان: وەک کێشە ژینگەییەکانی تر بونی هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە:

أ. ڕێکنەخستنی کۆمەڵگا و کەپرەکان بەشێوەیەکی ڕێک و سەردەمیانە: بۆ نمونە بەشێک لە کەپرەکان بەشێوەیەکی سەردەمیانە دروستکراون، بەڵام بە تەنیشتیانەوە کەپر و شوێنی تر هەیە بە دار و قامیش دروست کراوە، و دیمەنێکی ناشیرینیان بە ناوچەکە بەخشیوە.

ب. بونی تابلۆی کۆمەڵگا و هەوارگە گەشتیاریەکان بە ڕەنگ و قەبارەی جیاواز، کۆن و شکاو بە ڕێژەیەکی زۆر و بەبێ بونی دیزاینێک و شێوازێکی گونجاو بۆ تابلۆکان، جگەلەوەی کە ئەم تابلۆیانە ڕێگری دەکەن لە بینینی دیمەنە جوانەکانی ناوچە گەشتوگوزارییەکان.

ت. بونی چەندین دیمەنی شکاوی دەرگای سەرەکی گوند، کۆمەڵگا، هەوارگەکان، کە دیمەنێکی ناشیرین و بێزارکەری بە ناوچەکە بەخشیوە، وێنەی٢.

ث. بڵاوبونەوەی چەندین دوکانی بچوک، عارەبانە، ماتۆڕی سێ تایە نارێک لە شوێنە جیاوازەکان بە تەنیشت کافتریا و گازینۆکانەوە.

ج. بونی چەندین دیمەنی ناتەواوی پرۆژە، چێشتخانە، خانوی تەواو دروستنەکراو کە دیمەنێکی نارێک و نەگونجاوی بە ناوچەکە گەشتوگوزارییەکان بەخشیوە، لە کاتێکدا کە دیزاینێکی هاوشێوە پەیرەو ناکرێت.

ح. بونی چەندین حاویەی زبڵی قەبارە جیاواز بە مەبەستی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک و کیسەی پڕ لە زبڵ و پاشماوەی و خاشاک لەسەر شەقامەکان لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان، بەتایبەتی کە ماوەیەکی زۆر بە زبڵ و خاشاکەوە دەمێنێتەوە، کە دیمەنێکی نارێک و نەگونجاو دەبەخشێت بە ناوچەکە، کە لە گەڵ خواست و ئارەزو و هەستی گەشتیار گونجاو نییە.

خ. نەبونی گەراجی (**CarPark**) ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل کە بەشێوەیەکی سەردەمیانە دروستکرابێت بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی گەشتیاران، بۆیە بە بەردەوام چەندین ئۆتۆمبێل لە قەراغ شەقامەکان ڕاگیراوە بە تایبەت ئۆتۆمبێلی کۆمپانیا گەشتوگوزارییەکان کە قەبارەیان گەورەیە (پاسی گەورە) زۆر جاریش گرفت بۆ هاتوچۆ دروست دەکەن کاتێک کە لەسەر شەقامی سەرەکی ڕادەوەستن.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

وێنەی ژمارە(٢) بونی دەرگا و تابلۆی کۆن و نارێک لە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی دوکان.



وێنەگیراوە لەلایەن توێژەرەوە

### پێنجەم: کێشەی کەمبونەوەی دەرامەتی ئاو(دادۆشینی ئاو):-

گەشتوگوزار کاردەکاتە سەر کەمبونەوەی دەرامەتە سروشتیەکان بەگشتی و دەرامەتی ئاو، بەهۆی ئەوەی گەشتیاران بڕێکی زۆر ئاو بەکاردێنن بۆ مەبەستی خاوێنکردنەوە لەلایەک و پەیوەستبونی بەشێک لە چالاکییە گەشتوگوزارییەکان بە دەرامەتی ئاوەوە لەلایەکی تر، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بڕی بەرکەوتەی دانیشتوانی ناوچەکە لە ئاو، بەهۆی ئەو فشارەی لەسەر ئاوە. کێشەی کەمبونەوەی دەرامەتی ئاو بەهۆی چالاکی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لە سەرەتایە و لە چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی قەزاکە کێشەی کەم ئاوی سەریهەڵداوە[٢]. دەرکەوتنی کێشەی کەمبونەوەی ئاو لەو ناوچانە زیاتر پەیدادەبێت کە بۆ خۆیان هەستیارن بەرامبەر کەمی ئاو، کەمبونەوەی ئاو لە گوندی کەلکەسماق بەشێوەیەکی فراوان بەدەرکەوتوە و دەتوانین یەکێک لە هۆکارەکانی بگەڕێنینەوە بۆ چالاکی گەشتوگوزار، کە ئەویش بریتییە لە هەڵکەندنی بیرێک لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٦) بەمەبەستی دابینکردنی ئاو بۆ چێشتخانەیەکی گەشتیاری، کە بڕیاربو لەسەر چیای کەلکەسماق دروستبکرێت (دواتر چێشتخانەکەش دروستنەکرا) لەگوندی کانی سوری سەر بە قەزای کۆیە، کە بە یەکێک هۆکارەکانی وشکبونی ژمارەیەکی زۆری کانی و کارێزەکان دادەنرێت، کە زیاتر لە (٥٠ بیر، کانی، کارێز) بە تەواوی وشکبون لە گوندی کەلکەسماق[٣] (کارێزی لاسان، کانی مام قادر کانی قۆج بەگ، کانی چکچکە، کانی سوێراو....هتد) لە بەناوبانگترین کانی و کارێزە وشکبوەکانن، دواتر بە ئامادەبونی قائمقامی دوکان و بەڕێوەبەری ناحیەی ئاشتی بیرەکە پڕکراوەتەوە، دوای پڕکردنەوەی بیرەکەش ئاوەکە ڕێڕەوی خۆی گۆڕیوە، جگەلەوەی کە ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

گوندی کەلکەسماق بەهۆکاری تر دابەزیوە، نەگەڕاوەتەوە ئاستی جارانی خۆی، کە لە ساڵانی پێشتر ئاستی ئاوی ژێرزەوی زۆر نزیکبوە لەڕوی زەوی لە گوندی کەلکەسماق ئاستی ئاو لە (٥تا١٠م) زیاتر نەبوە، بەهۆی نزیکی ئاوی ژێرزەوی لەڕوی زەوی چەندینجار زەویان هەڵکەندوە بەمەبەستی جێگیرکردنی تەندوری نانکردن، چاڵەکە گەیشتۆتە ئاو و پڕبوە لە ئاو، بەڵام لە ئێستادا ئاستی ئاوەکە زۆر نزمبۆتەوە و دابەزیوە بۆ ئاستی(٦٠م)، بەڵام لە ساڵی(٢٠٢١) بەم ئاستەشەوە نەوەستاوە ئەو بیرانەی قوڵیان (٦٠م)ە توشی کەم ئاوی بون و بیری نوێیان لێداوە لە(٨٠م)[٤] توانای دابینکردنی ئاوی پێویستیان هەیە. هەڵکەندی بیری ناسراوبە سوری کاریگەری گەورەی کردۆتەسەر ئاوی ژێرزەوی لە ناوچەکە چونکە ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە هەڵکەندنی بیرەکان هیچ شارەزاییەکی جیۆلۆجی و هایدرۆلۆجیان نییە، هەروەها ئەم جۆری بیر لێدانە دەبێتەهۆی کوتانەوەی خاکەکە و تێکدانی چینەکانی زەوی، زۆرجار لەکاتی لێدانی ئەم جۆرە بیرانە، دەگاتە چینێکی بێ کونیلەدار کە ئاوێکی تەنکی هەیە، بەڵام بەهۆی زیاتر قوڵکردن و بڕینی چینی ژێرەوەی، دەبێتەهۆی جوڵە ئاوەکە بۆ چینی ژێرەوە و دەبێتەهۆی ونبونی ئاوەکە(محمدامین:٢٨\٩\٢٠٢١).

## شەشەم: کێشەی گۆڕینی ڕوخساری سروشتی زەوی(لاندسکێپی سروشتی بۆ لاندسکێپی مرۆیی).

گۆڕینی ڕوخساری زەوی سروشتی یەکێکی ترە لە کێشە ژینگەییەکانی دەرئەنجامی چالاکی گەشتوگوزار لە ناوچە گەشتوگوزارییەکان، وێنەی٣، لە قەزای دوکان چالاکی گەشتوگوزار هۆکاربوە بۆ گۆڕینی لاندسکێپی سروشتی بۆ لاندسکێپی مرۆیی، خشتەی ژمارە٤.

خشتەی ژمارە٤ ڕوبەری ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی گۆڕاون بۆ پڕۆژەی گەشتوگوزار لەساڵانی(٢٠٠٨تا٢٠١٧).

| زنجیرە | شوێنی زەوی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەی گەشتوگوزار | ڕوبەر بە دۆنم |
|---|---|---|
| ١ | تۆبزاوا | ١٧٥ |
| ٢ | گڵنێری | ٥٧٩٦ |
| ٣ | دوکان | ١٠٦ |
| ٤ | سارتکە | ٢١ |
| ٥ | مێرگەپان | ٤١ |
| ٦ | قەمچوغە | ٨٠ |
| ٧ | کەلکەسماق | ٣٤ |
| ٨ | کۆی گشتی | 6253 |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

کاری توێژەر: پشتبەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی،٢٠٢٠، داتای بڵاونەکراوە.

وێنەی ژمارە (٣) گۆڕینی لاندسکێپی سروشتی بۆ لاندسکێپی مرۆیی لە دوکان.



وێنەکە وەرگیراوە لە کۆمەڵگای ئارامی گەشتیاری

بەتێڕوانین لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت کە:-

أ. کۆی گشتی ڕووبەری گۆڕاو لە زەوی کشتوکاڵی و داپۆشراو بەڕوەک، بۆ پڕۆژەی گەشتوگوزار دەگاتە (6253) دۆنم، کە ئەمەش گۆڕانێکی زۆری ناوچەکەیە بەهۆی چالاکی گەشتوگوزارەوە ڕوویداوە.

ب. زۆرترین گۆڕانکاری لە زەوییەکانی (گڵنێری) کراوە کە(٥٧٩٦) دۆنمە کە دەکاتە زیاتر لە(٩٢٪)ی تێکڕای هەمو ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی گۆڕدراون بۆ پڕۆژە گەشتوگوزارییەکان، ئەمەش بەهۆی شوێنی جوگرافیەکەیەوەیەتی، لە کاتێکدا کشتوکاڵ جگە لەوەی خۆراک بۆ دانیشتوان دابین دەکات، بەرپرسە لە دابینکردنی ژینگەیەکی خاوێن و پاککردنەوەی هەوای ژینگە.

ت. کەمترین گۆڕانکاری لە ناوچەکە لە زەوییەکانی سارتکە بوە کە تەنها (٢١) دۆنم بوە کە هاوکاتە بە (٠.٣٣٪)ی تێکڕای هەمو ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی گۆڕدراون بۆ پڕۆژە گەشتوگوزارییەکان.

ث. بەشێکی زۆری ئەم زەویە کشتوکاڵیانە داپۆشرابون بە گژوگیا و ڕوەکی سروشتی، سەرەڕای بەکارهێنانیان بۆ کشتوکاڵکردن، کە دیمەنێکی سەوزایی تری بە ناوچەکە دەبەخشێ، هەروەها دابینکردنی بەروبومی کشتوکاڵی بە گەشتیارانی ناوچەکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

هەر دەربارەی گۆڕینی لاندسکیپی سروشتی بۆ لاندسکیپی مرۆیی ناوچە ئاوەدانیەکانی شاری دوکان بەردەوام لە فراوان بوندایە[٥]،خشتەی ٥.

خشتەی ژمارە٥ ڕوبەری گەڕەکەکانی شاری دوکان.

| زنجیرە | ناوی گەڕەک | ڕوبەر بە م٢ |
|---|---|---|
| ١ | ئاشتی | ١٢٩١٥٠ |
| ٢ | فەرمانبەران | ٨٤١٥٠ |
| ٣ | سەرچەم | ٦٧٥٠٠ |
| ٥ | سارا | ٦٤٨٠٠ |
| ٦ | کانی بەهار | ٥٩٨٥٠ |
| ٧ | بانوان | ٤٥٠٠٠ |
| ٨ | چەوەسپی | ٣٦٠٠٠ |
| ٩ | شۆڕش | ٢٨٨٠٠ |
| ١٠ | شارەلو | ١٨٩٠٠ |
| ١١ | تەنگەنسین | ١٢٣٧٥ |
| کۆی گشتی | | ٥٤٦٥٢٥ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەستن بە داتاو زانیارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی سلێمانی، شارەوانی دوکان.

بە تێڕوانین لەخشتەی ژمارە (٥) کە تایبەتە بە زەوی تەرخانکراو بۆ مەبەستی نیشتەجێبون دەردەکەوێت کە:

أ. تێکڕای ئەو زەویانەی، کە تەرخانکراون بۆ مەبەستی ئاوەدانی و خانویماڵەکان، دەگاتە(٥٤٦٥٢٥م٢).

ب. زۆرترین زەوی داپۆشراو بە ئاوەدانی بەر گەڕەکی ئاشتی کەوتوە، چونکە کۆنترین گەڕەکی شاری دوکانە، کە ڕوبەرەکەی دەگاتە (١٢٩١٥٠م٢)

ت. گەڕکی فەرمانبەران پلەی دوەمی وەرگرتوە لە ئاوەدانی داپۆشینی زەوییەکان بەخانوەکان.

ث. کەمترین زەوی داپۆشراو بە ئاوەدانی و خانوی ماڵەکان بەر گەڕەکی تەنگەنسێن کەوتوە، کە ڕوبەرەکەی دەگاتە(١٢٣٧٥م٢).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

بەدرێژایی زیاتر لە (٤کم) لە کەناری زێی بچوک (هەردو بەری) لە شاری دوکان ئاسانکارییە گەشتوگوزارییەکان دروستکراوە، کە بریتین لە دروستکردنی ڕێگاوبان و چەندین پڕۆژەی گەشتوگوزاری وەک کەپر، کابینە، شوێنی حەوانەوە، هەوارگە....هتد، ئەمەش بۆتەهۆی گۆڕینی ڕوخساری سروشتی زەوی بۆ ڕوخساری مرۆیی (گۆڕینی لاند سکیپی سروشتی بۆ لاندسکیپی مرۆیی)، بەمەش بۆتەهۆی کۆچکردنی چەندین جۆر لە گیانەوەران و ئاژەڵی کێوی ناوچەکە وەک جۆرەها باڵندە و گیانەوەرە خشۆکەکان و....هتد.

## تەوەری چوارەم:-

## میکانیزمەکانی ڕێگریکردن لە دەرەنجامە خراپەکانی چالاکی گەشتوگوزار

بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان یان هەر کێشەیەکی تر، پێویستی بە لەناوبردن یاخود کەمکردنەوەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەکە هەیە، هەروەها پێویستی بەگرتنەبەری ڕێگاو ئامرازی کەمکردنەوەی شوێنەوارە زیانبەخشەکانی هەیە، دەتوانرێت ئەم خاڵانە وەک میکانیزمی ڕێگریکردن بخەینەڕو:

١. دانانی پلانی نیشتمانی و ناوچەیی بۆ بەڕێوەبردنی گەشتوگوزار بەشێوەیەکی ژیرانە بەمەبەستی پاراستنی (ژینگە، باڵندە و ژیانی کێوی، پاشماوە کەلتوری، شارستانی و ڕۆشنبیرییەکان) لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و قەزای دوکان بەتایبەتی.

٢. بڵاوکردنەوەی هوشیاری ژینگەیی لەڕێگای (ڕێکخراوە ژینگەییەکان، پرۆگرامەکانی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندن، مامۆستایانی ئاینی، دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێکلام، کردنەوەی خول و پێدانی هوشیاری پاراستنی ژینگە بە خاوەن پرۆژە گەشتوگوزارییەکان و گازینۆ و چێشتخانەکان)، بەمەبەستی کەمکردنەوەی دەرئەنجامە نەرێنییەکانی چالاکی گەشتوگوزار لەسەر ژینگە، و کەمبونەوەی فشار لەسەر ناوچە گەشتوگوزارییەکان.

٣. پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان خواستی گەشتیاران و توانای سروشتی، بایۆلۆجی، ژینگەییەکانی قەزای دوکان، تا ببێتەهۆی پارستنی دەرامەتی سروشتی بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوش بتوانن سودمەندببن لە دەرامەتی سروشتی ناوچەکە.

٤. پاراستنی ڕووەکی سروشتی و لەبەرچاوگرتنی ژیانی باڵندە و ئاژەڵی کێوی لە کاتی دروستکردنی ئاسانکارییە گەشتوگوزارییەکان و دروستکردنی ڕێگاوبان و هوتێل و......هتد، ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**٥.** کەمکردنەوەی فشارەکان لەسەر ژینگە و توانستە گەشتوگوزارییەکانی قەزای دوکان لە ڕێگای:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

أ. دیاریكردن و كەمكردنەوەی ژمارەی گەشتیاران بەشێویەک بێت كە لەگەڵ توانا ژینگەیی و گەشتوگوزارییەكانی ناوچە گەشتوگوزارییەكان بگونجێت، بەمەش دەبێتەهۆی كەمكردنەوەی فشاری سەر ژینگە و ناوچە گەشتوگوزارییەكانی و كەمبونەوەی جەنجاڵی لە ناوچەی لێكۆڵینەوە.

ب. بڵاوەپێكردنی گەشتیاران لە ناوچە جیاجیاكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە (تەواوی ناحیەكانی تر بگرێتەوە) چڕنەكردنەوەی چالاكی گەشتوگوزار تەنها لە ناحیەی سەنتەر و چەند ناوچەیەكی بچوكی تر[٦]، سەیرانگا خزمەتگوزارییەكان بەسەر زۆرترین ناوچە دابەش بكرێت.

**ت.** تەواوكردنی بەنداوی سورقاوشان و گەیاندنی ڕێگاوبانی پێشكەوتو بۆ دۆڵی سورقاوشان، كە دەبێتەهۆی دروستبونی ناوچەیەكی گەشتوگوزار، بەهۆی جوانی و سەرنج ڕاكێشی ناوچەكە، كە چاوەڕوان دەكرێت ژمارەیەكی زۆری گەشتیاران ڕوی تێبكەن و دەبێتەهۆی كەمكردنەوەی فشار لەسەر ناوچە گەشتیاریەكانی شاری دوكان.

## دەرئەنجام

١. چالاكی گەشتوگوزار یەكێكە لە هۆكارەكانی ڕودانی كێشە ژینگەییەگان هەروەک: زیادبونی دانیشتوان، چالاكی پیشەسازی، هۆیەكانی گواستنەوە...هتد.

٢. كێشە ژینگەییەكانی دەرئەنجامی چالاكی گەشتوگوزار لە قەزای دوكان بریتین لە:

أ. كێشەی پیسبونی ناوچە گەشتوگوزارییەكان بە پاشماوە ڕەقەكان، بەهۆی بەجێهێشتنی پاشماوەی ڕەقی، خۆراک، شلی، لە ناوچە گەشتیاریەكانی قەزاكە پیسبونی خاک لە قەزاكە سەری هەڵداوە.

ب. كێشەی پیسبون بینین، بەهۆی بونی پاشماوەی گەشتیاران لەسەر شەقامەكان، دیمەنی كۆن و جۆراوجۆری تابلۆ و جیاوازی لە پێكهاتەی دروستكردنی شورای پڕۆژەكان دیمەنێكی ناشیرن نەگونجاویان بەخشیوە بەناوچە گەشتوگوزارییەكانی قەزاكە.

ت. كێشەی پیسبون بە ژاوەژاو، بەهۆی خراپی سیستەمی هاتوچۆو فراوان نەبونی شەقامەكان، بونی ژمارەیەكی زۆری گەشتیاران لە شاری دوكان پیسبون بە ژاوەژاو دروستبوە بە تایبەت لە وەرزی گەشتوگوزار.

ث. كێشەی گۆڕینی ڕوخساری زەوی (گۆڕینی لاندسكێپی سروشتی بۆ لاندسكیپی مرۆیی).

ج. كەمبونەوەی زەوی كشتوكاڵی و داپۆشراو بە ڕوەكی سروشتی كە (**6253** دۆنم) زەوی كشتوكاڵی كوژێنراوەتەوە و گۆڕدراوە و پڕۆژەی گەشتوگوزاری لەسەر دروستكراوە، جگە لەوەی ژمارەیەكی زۆر لە پڕۆژەكان بە زیادەڕۆیی دروستكراوە و تۆماریان نییە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# A Geographical Analysis for the Environmental Consequences of the Tourism Activities in Dukan District

**Shkur Selam Saleem**
Department of Geography, Faculty of Education, Koya university. Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** shkur.selam@koyauniversity.org

**Luqman Usw Omer**
Department of Geography, Faculty of Education, Koya university. Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** luqman.omer@koyauniversity.org

## Abstract

The aim behind writing this research is to point out the environmental issues of the area which has resulted from the tourism activities, that is to say, it is to indicate the type and size of the environmental damage. In this respect, suitable solutions for environmental issues resulted from the tourism activities in the district have been suggested. In the research, it has been found that tourism activities are one of the forms of environmental issues and pollution in the area. This is due to the burden of the tourism activities in some particular areas of the district, sometimes it has become a threat to the environment of the destruct, the pollution of the tourism sites by solid, liquid and food waste and littering of visitors which caused land, and visual pollution by leaving various waste types in the streets and view of the tourism sites in the district. In addition to that, the issue of noise pollution by the deficiency of traffic system, congestion and overcrowding, the narrowness of the streets in the season of tourism caused noise pollution. Above all, some other environmental issues which resulted in tourism projects dunams ,such as agricultural land losses which is only during(10 ) years approximately(6253) converted for tourism purposes.

**Keywords:** Tourism, Environment, Pollution, Environmental Issuing.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11**

**سەرچاوەكان.**

رشيد، شيروان عمر، ٢٠١١، بنەما جوگرافيەكانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، تێزی دكتۆرا، پێشكەش كراوە بەئەنجومەنی كولێجی زانستە مرۆڤايەتييەكانی زانكۆی سلێمانی، بڵاونەكراوە.

بن غضبان، فؤاد، السياحة البيئة المستدامة بين النظرية والتطبيق:٢٠١٥، الطبعة الأولى، دار الصفاء، عمان .

الجوهري، إحسان فليح حسن، المفاهيم الأساسية لعلم البيئة و التلوث:٢٠١٩، الطبعةالأولى، دار الصفاء، عمان.

نەقشبەندی، ئازاد محەمەدئەمین كاكەشێخ،٢٠١٧: جوگرافیای ژینگە، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

**جمعة، غفران فاروق، ٢٠١٠: تقيم التلوث بالضوضاء في بعض مدارس مدينة بغداد، مجلة الهندسية والتكنولوجيا، المجلد ٢٨، العدد.**

محەمەد، هەوراز:٢٠٠٨، پیسبوونی بینین و كاریگەری لەسەر ڕەفتاری كۆمەڵایەتی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی..

حجاب،محمد منير،٢٠٠٣: الأعلام السياحي،دار الفجر للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية،القاهرة.

غرابية،خليف مصطفى،السياحة البيئية:٢٠١٢،دار الناشري للنشر الالكتروني.

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی نەخشەسازی و زانیاری سلێمانی.

حكومەتی هەرێمی كوردستان،وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری گوزاری دوكان.

حكومەتی هەرێمی كوردستان،وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی ئاگركوژێنەوەی سلێمانی،بنكەی دوكان.

حكومەتی هەرێمی كوردستان،وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، شارەوانیەكانی سلێمانی، شارەوانی دوكان.

محمدامين،هاوڕێ ياسين:٢٠٢١\٩\٢٩، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە جوگرافیای سروشتی، چاوپێكەوتن.

عزيز، سۆران عوسمان:٢٠٢١\٧\٢٠، نوێنەری شارەوانی لە كۆمپانیای شكار بۆ پاككردنەوەی شاری دوكان(چاوپێكەوتن).

نقشبندي،أزاد محمد امين،٢٣–٢٥نوفمبر،٢٠٠٤: التنمية السياحية وأثرها على صيانة البيئة الطبيعية، المؤتمر العربي الثالث للادرة البيئة، شرم الشيخ. جمهورية المصر العربية.

تەنها پاشماوەی شوشە ناگرێتەوە بەڵكو قوتوی بیبسی و خواردنەوە كحولیەكانیش دەگرێتەوە.

ژمارەیەكی زۆری كانی و كارێز وشك بون، بەڵام بەشێك هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ وشكەساڵی و نەبونی باران جگە لە كانی و كارێزەكانی گوندی كەلكە سماق نەبێت كە بەهۆی گەشتوگوزارەوە وشكبوە.

شارەزایانی بواری جیۆلۆجی ئاگاداریان كردبونەوە كە بە لێدانی ئەم كانی و كارێزەكانی گوندی كەلكە سماق وشك دەبن.

توێژینەوەی مەیدانی توێژەر

بەپێی داتاكانی شارەوانی دوكان، شاری دوكان لە سالی (١٩٥٠) تەنها لە دو گەڕەك پێكهاتبو ئەوانیش گەڕەكی سەرچەم و ئاشتی بون، بەڵام لە ئێستادا شاری دوكان لە (١٠) گەڕك پێكدێت.

بەجێبەجێكردنی پڕۆژەكەی فاروقی ملا مصطفی كە بە یەكەوەبەستنی دەریاچەی دوكان و چیای سارایە بەهۆی تەلەفریك و دروستكردنی پڕۆژەیەكی گەورەی گەشتیاری لە گڵنێری و دەریاچەی دوكان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper11